# بۆ سروە حکمەت و ئاگاداری خوێنەری بەڕێز




بەداخەوە هەندێ کەسی وەك سروە و هاوشێوەکانی، ڕەخنە و نووسینی استقزازی و شکاندن و بوختان هەڵبەستن و قسەی سوك ووتن ، دەخەنە تای تەرازوویەکەوە و لەپەنای ڕەخنەدا سوکایەتی دەکەن و دەیانەوێ خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکەوە، کە ناتوانن.

بۆ ئەوەی چەند راستیەك بۆ خوێنەران و بۆ سروەش ئاشکرا بکەم، ئەم نووسینەم بە پێویست زانی.. هەر بۆیەش قسەکانی سروە دەخەمە کەوانەوە و وەلآمیشی دەدەمەوە..

ڕۆژنامەی جەماوەر، کە دەستێکی باڵای دەزگای پاراستنی لە پشتەوەیە، لەبەر بە پێزی و گرنگی و جوانی و لۆژیکی، بابەتەکەی سروەی دانەگرتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەموو ووشەکانی لەسەرەوە تا خوارەوە قسەکردنە بە (ی.ن.ك) و لەبەرژەوەندی پارتی و بۆ دەزگای پاراستنە، بابەتەکەیان دابەزاندووە، ئەگینا ڕۆژنامەی جەماوەر هیچ ئاماژەیەکی بەو سایتە نەکردووە کە لێوەی وەرگرتوە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە پێشتر سروە بابەتەکەی داوە بە جەماوەر و چاوەڕێ بووە لە سایتە کوردیەکان دابەزێ و دواتر لە جەماوەر بڵاو بێتەوە..ئەمەش ئەمەش دەمانخاتە ئەو گومانەوەی کە سروە بە ئاگاداری بۆ ئەوانگەل(پاراستن)ی نووسیوە و دەنووسێت، بە هەمان شێوەی بابەتەکەی پێشووی.

(لەبەر ئیرهابی یەکێتی و تۆقاندن)، نازانم تا ئێستا (ی.ن.ك) چ نووسەرێکی ڕەنخنەگری تۆقاندووە و کوشوە... کە دەبوو ئامارەی پێ بکردایە..!! ئەمە جگە لە کینە و بوختان دەبێت چی دیکە بێت..؟؟!!

(هەر کەسێکی کە ناتوانێ ئازادانە دەنگی خۆی بەیان بکات) پێ دەچێت سروەخان ڕەخنەی لوژیکی و تەشهیر و سوکایەتی لێك جیا ناکاتەوە، ئەگینا بوونی

ڕۆژنامە سەربەخۆ و بێ لایەنەکان و ڕەخنە گرتنیان لە حکومەتی سلێمانی و لێپرسراوەکانی گەواهی ئەو ڕاستیەن کە ئازادی ڕەخنە بوونی هەیە.. ئەدی ئەوە چی ئازادیەکە کە نووسەرێك دەیەوێ بەشێك لەمێژووی وڵاتەکەی بنوسێتەوە کە باس لە 31ی ئاب دەکات و حکومەتی هەولێر ڕێگری دەکات، لەسەر فرۆشتنی(ساڵنامەی کوردستان)ی بەڕێز(عەلی کەندی) ، بۆچی تۆی ڕەخنە گرو ئازادی خواز قسەی لەسەر ناکەیت و لەسەری بەدەنگ نایەیت..؟؟

(تووشی چەند هەڕەشە و قسەی بازاڕی و....) گەر ڕاستت فەرموو شتی لەو جۆرە هەبوایە، تۆ ئێستا بێدەنگ دەبووی..؟ دڵنیام دەتانکردە بابەتێك بۆ هێرش کردنە سەر لایەنی بەرانبەر و ئەوکات نەك هەر جەماوەر بەڵکو گوڵان و باسەڕەش بڵاویان دەکردەوە..!!

(ئەم ئۆژین ناوە، نەهاتووە وەڵامی مەنتیقی بۆ ئەو بابەتەی پێ بێ کەمن نووسیومە) جا نووسینەکەی جەنابتان چی ڕاستی و مەنتیقێکی تێدایە..؟ جگە لە ڕشانە و دەرخستنی ناخی ڕەشی کارمەندانی دەزگایەکی وەك پاراستن..؟!

(بەڵێ ئەوە منم) حەق وابوو بتنوسیبا ئەوەمنی داخ لەدڵ و ئاژاوە گێڕم نەك ڕوناکبیر، چونکە ناوە خوازراوەکەشت بە ئاشکرا دیارە و دەیسەلمێنێ کەتۆ لەبەر بەرژەوەندی و بۆ پارتی دەنووسیت ، ئەگینا بۆ (حکمەت خانەقینی)..؟ کە باش دەزانیت مەلا بەختیار ناوی حکمەتە و خانەقینیشە...؟ خوێنەر هۆشیارە و بە تۆ و ئەمسالی ئێوە فریو ناخۆن.

(بەدەزگای پاراستن تۆمەتبارم دەکا کە بەهیچ شێوەیەك لێی قبوڵ ناکرێ) ..(ئەگەر ئۆژین کەریم ڕاست دەکا و نووسینەکە هی دەزگایەکی ئەمنی یەکێتی نیە با وەك و من ناوی خۆی و وێنەکەی ئاشکرا بکا)، یەکەم جەنابت ئەوەندە ئازا نەبویت تا جەربەزانە بەناوی خۆتەوە بنوسیت، چونکە ئەمەی تۆ بوە ئەمری واقیع و ئەمری پاراستن، کە ئەگەر خۆت ئاشکار نەکردبا ئەوە لەسەر دەزگاکەت دەکەوت و دەبوە ماڵ.. دووەم بفەرمو وێنەکەم لەسەرەوە و ئەدریسم لە خوارەوە نووسراوە.

ئۆژین کەریم ئەحمەد باخەوان

کەرکوك

ozhen_k@yahoo.com